# گولێ من          ئەحمەد دەشتی



هۆ گوڵی من
ئەی ئاواتی ساڵەهای من
چاوەڕێی تۆم تا ئەوددەمەی
پشووی ژینم لە لا ماوە
لەناو تاوڵی خەیاڵم دا
هەرچی خەمە و
چی ئەسرین و گریە و تەمە
لە تاو دووری تۆی شیرینمە
لە سەر لوتکە دوور دوورەکان
ئەوەی کەوا لێم دایارە
تەنیا سیمای جوانی و بوونی
دەنگی ڕەسای بەرزی تۆیە
هەموو ساتێ لە بەرچاو و
لەم دڵەی من تەی دەکەن
هەوری ڕەشی ئازارانم
لە قولایی دڵ دادێنن
بارانێکی زۆر بە ڕیژنەو پڕ پەژارە
لە ئاسمانتا لە سەرجەستەم دەبارێنن
ئەمن  کەوا لە تۆ دوورم
ساڵەهایە ڕەنجی غوربەت
ئازارانم پێوەردەکا
لە گولخەنی ئەم ڕۆژگارەم
هێمای مەرگ دیار دەکا
بەڵام گیانە ئازیزی من
نیمە ساتێ کەوا سیمات
لە بەرچاو و دڵم ون بێ
هێندە بەرز و هێند دیاری
وادەزانم کە تۆ لامی
چونکە یادی جوانی تۆ
سیمای شیرن و لە باری تۆ
لە ناو هەست و سۆمای چاوە
هەرگیز دڵم بێ لیدانی
ناوی تۆیا ساتێ نیە کە لێ بدات
بۆیە هەردەم چاوەڕێمە
کە ڕۆژێ بێ لە ئامێزی تۆیا بژیم

له گولشەنی سەربەرزیتا
ئەوسا غەرقی شادی ژیانم بم
له سایەی تۆ لەو لوتکانه
بۆ هەتایه کامەران و پڕ مراد بم
هۆ گەلەکەم ئازیزی من
شەوی نیه لەم دوور دووره
به دیداری تۆیا نەگەم
ساتێ نیه له ناو خانەی خەیاڵمدا
کڕنوش له بۆ دارو بەردو
ئالای جوان و بەرزت نەبەم
هەرچەند کەوا لەتۆ دوورم
له دەڤەری تاراوگەوه
سالەهایه بێ مرادو پڕ کەسەرم
بەڵام هەرگیز نەبووه ساتێ
کەوا ئەمن له بیرت کەم
یا چاوەڕێی هاتنی ڕۆژی پڕ لەتاوو
خۆرەتای بەرزت نەکەم
ژیانی من هەرچەند کەوا
چیرۆکێکی زۆر  درێژ و
پڕ له زام و قەتماغه یه
بەڵام نەبووه ئەمن ساتی
سیمای شادیم له گەل  تۆیا له یادا کەم
یا بێ هیوای دەرکەوتنی
خۆرەتاوی ڕوونی تۆبم
تۆ که چاو و تۆ کەهەسمی
تۆ باوەرو  تۆ که دڵمی
چۆن دکارم له یادت بەم
تۆ جوانترین  گولی یەقەو بەرۆکمی
خۆشەویستر تام و چێژی
هەموو ساتی ژیانمی
تۆ گریان و تۆ ئازار و
تۆ شادمانی بوونی منی
تۆ هەتوانی هەموو زام و
برینانی جەستەی منی
لەو کاتەدا سەربەخۆییت  وەدیدەکەم
هەموو ژانی برینانم دادەمرکێن
له سەر لوتکەی ئاواتەکان گەر ببینم

**تۆ ئازادو تۆ سەربەخۆی**
**ئارامیەکان دەبینمەوەو**
**خۆشبەختی ژین وەدی دەکەم**
**ئای کەدووری لە تۆی ئازیز**
**گولخەنێکی بێ وێنەیە**
**ئەم نامۆییەم سالەهایە**
**لەم دڵەم دا هەر گریەیە**
**بە یادی تۆ گەلێ جاران**
**هەرچەند کەوا گەلێ دوورم**
**سروشکی خەم کەم دەکەم و**
**هیوای شاد بوون بە تۆی ئازیز**
**لەم دڵەی خۆم نەزیک دەکەم**
**گەڕانەوەم بۆ باوەشت**
**لە هەستی خۆم کە لوول دەدەم**
**گولشەنیکی پڕ لە جوانی**
**لە ئاسۆی دڵ دابین دەکەم**
**من چاوەڕێم کە ڕۆژێ بێ**
**سەربەخۆیی تۆ ببینم**
**لەو هەوارە و لەو بەرزاییە**
**ئاڵای جوانت بشەکیتەوە**
**لە گەل یارو هەڤالانم**
**ئارامی ژین ببینمەوە و**
**شاییوگۆڤەندبۆهەمیشە**
**بەدیداروهاتنی گوڵم بسازمەوە**
*